# دكتور محمد قادر خۆشناو سەبارەت بەباری تەندروستی کەرکوك‌و ناوچەکانی تر دەدوێ

**چاوپیکەوتن: باوکی ئەڤین**



دوای ئەوەی پرۆسەی ئازادی عیراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان دەستی پیکردو بە رمانی یەکجارەکی رژیمی شۆڤینی بەغدا کۆتایی هات، شارە خۆشەویستەکەی کوردستان (کەرکوك‌و خانەقین)و هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی تریش گەرانەوە باوەشی نیشتمانی دایك کە کوردستانە، دیارە وەك لەکەنالە ئاسمانیە جیهانیەکان بینیمان نەك هەر ئەم ناوچانەی کورد، بەلکو هەموو شارەکانی تری عیراقیش تووشی جۆرەها کیشەو قەیران بوونەوە، دیکتاتۆرییەت روخاو کۆتایی هات، بەلام لەناوچوونی ئەم رژیمە خوینریژە بەدوای خۆیدا کۆمەلیك گرفتی بەجێ هیشت، چونکە بەشەرو بەزەبری هیز لەناوبراو، بۆیە نەبوونی ئاسایش‌و تالانی کردنی دامەزراوە گشتیەکان‌و نەخۆشخانەکان‌و نەمانی ئاوو کارەباو کەرتەکانی تری خزمەتگوزاری بوونە کیشەی هەموو شوینەکان، کە دەکرێ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بەبەراورد لەگەل بەغداو شارەکانی تر لەهەموو شوینەکان زووترو بەپەلەتر کورد شارو ناوچە ئازادکراوەکانی خۆی ریکخستنەوە، بۆ ئەم مەبەستەو تیشك خستنەسەر چۆنیەتی دامەزراندنەوەو بەگەرخستنەوەی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی کەرکوك‌و ناوچەکانی ترو رەوشی تەندروستی ئەم ناوچە رزگارکراوانە، بەپیویستمان زانی

چاوپێکەوتنێکی تایبەت بۆ سایتی (Kurdistannet)ی خۆشەویست لەگەڵ (دکتور محمد قادر خۆشناو) وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) دا سازبکەین، کە ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:-

*سەرەتا حەز دەکەین باس لەباری تەندروستی کەرکوك و ناوچە رزگارکراوەکانی تری کوردستان بکەین، ئێوە چۆن و تا چ ئاستێك توانیوتانە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی لەم ناوچانەدا رێك بخەنەوە؟

-سەرەتا پیرۆزبایی گەرمی خۆم ئاراستەی ئێوەو سایتی (کوردستان نێت) دەکەم بەبۆنەی جەژنی ئازادی و رزگاری گەلەکەمان و کۆتایی هاتن بەرژێمی شۆڤێنی و دیکتاتۆری سەدام، ئێمە رۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ بەدەیان (اسعاف)و ئوتومبیلی وەزارەت و (٦٠) دکتۆرو (١٥٠) کارمەندی تەندروستی روومان کردە شارە خۆشەویستەکەی کەرکوك و هەر بۆ دووەم رۆژی رزگاری کەرکوك توانیمان هەموو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی کەرکوك بەگەڕ بخەینەوەو پیشوازی بکرێت لەبریندارو نەخۆشەکان، لەراستیدا هەموو نەخۆشخانەکان بەگشتی وێران بوون، داودەرمانی زۆرکەم لێ بوو، بینایەی نەخۆشخانەکان پاك و خاوێن نەبوون، ئامێری تەندروستی پێشکەوتووی لێ نەبوو، ئێمە وامان کرد هەموو کەم و کورییەکان پڕ بکەینەوەو زۆر لەجاران باشترو بەخۆڕایی نەخۆشخانەکان بۆ هاوولاتیانی شارە خۆشەویستەکەی کەرکوك دەرگایان لەسەر پشت بێ، دیارە سەرەتا دکتورو کارمەندی تەندروستی و خزمەتگوزارو فەرمانبەرو ئەوانەی خواردنیش دروست دەکەن لەسلێمانیەوە هێنامانن بۆ کەرکوك تاکو چەند رۆژێك دکتۆرو کارمەندەکانی

نەخۆشخانەکان خۆیـان گەڕانـەوە سـەر کارەکانیـان، تـالان و دزیـش لەنەخۆشخانەکان خۆشبەختانە بەشێوەیەکی گشتی کەم بوو، زیاتر سەیارە دزرابوو، ئێمە خۆشمان کە لـەوێ بووین چەندین جار لەگەڵ دزو تالانچیـان کەوتینـە تەقـەکردن تـاکو (اسـعاف)ەکانمـان لێ سـەندنەوە، بەهـەرحاڵ پـاش گەڕانـەوەی دکتـۆرو کارمـەندەکان دەستمان کرد بەکۆکردنەوەیان و سازدانی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان و گۆڕینی ناوی نەخۆشخانەکان و هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری (مجلس ادارة) بۆ نەخۆشخانەکان.

*هەڵبژاردنەکان چۆن بەڕێوەچوو؟

-هەڵبژاردنـەکان لەکـەش و هەوایـەکی ئازادانـەبوو بـەبێ جیـاوازی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان بەدەنگدان هەڵبژێردران و هەروەها هەر بەدەنگدانیش هەموو ناوی نەخۆشخانەکانمان گۆڕی کە رژێم ناوی نـابوون بـۆ نموونـە: (نەخۆشـخانەی سـەدام) ناوەکـەی کـرا بـە (نەخۆشخانەی ئازادی) هەروەها نەخۆشخانەی (حوزەیران) کـرا بـە (نەخۆشخانەی کەیوان) وە نەخۆشخانەی (قدسي للاطفـال) کـرا بـە (نەخۆشخانەی منالان) و نەخۆشخانەی (تأمیم) کرا بە (نەخۆشخانەی کـەرکوك)..هتـد، هـەروەها بـۆ هـەر نەخۆشخانەیەك دەسـتەیەکی بەڕێوەبەر واتا دەستەی کارگێریمان هەڵبژارد، بەراستی ئەم کارانەش دکتور قەلەندەر رۆڵی هەبوو، چونکە خۆی خەڵکی کەرکوکە دیارە ئەم کارو چالاکیانـەش بـەهاوکاری رێکخـراوی شـنەبای ئاشـتی یابـانی (P.W.J، KHF، ئیمرجنسـی، خـاچی سـوورو قـەندیل)، هـەروەها پۆلیـس و ئاسـایش و پێشـمەرگە هاوکـاری زۆریـان کردیـن لـەدابین کردنـی ئەمنیـەتی نەخۆشـخانەکان و ئێسـتاش تەنسـیق و

هەماهەنگیەکی زۆر باشمان هەیە لەگەڵ برادەرانی هەولێرو لەسەرەتادا چەند دکتۆرێکی (مقیم)و خوێنیان نارد لەگەڵ هاوکاری ترو تا ئێستاش لەگەڵ کاك دکتۆر جمال دوو کۆبونەوەمان کردووە بۆئەوەی بەهەموو لایەك وابکەین کە شارە خۆشەویستەکەی کەرکوك و ناوچەکانی تر هیچ کەم و کورییەکیان لەنەخۆشخانەکان نەمێنێ و ئاستی تەندروستی هاووڵاتیان هەمیشە لەباشیدا بێت.

*ئێوە تیمێکی تەندروستیشتان نارد بۆ بەغدا، ئەمە چ دەلالاتێکی هەیە؟

–ئەمە نیشانەی پەرۆشی ئێمەیە بۆ خەڵك لەبەغدا کە نەخۆشخانەکان تالان کراون و خزمەتگوزاری تەندروستی لەئاستێکی خراپدایە، جگەلەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کوردیش وەکو هەموو گەلانی دونیا گەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ لەتوانایدا هەیە هەم ئیدارەی ناوچەکانی خۆی بکا و هەم هاوکاری ناوچەکانی تری عیراقیش بکا، ئەم دەستپێشخەرییەش لەسەر راسپاردەی کاك دکتور بەرهەم بوو، هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە ئێمەی کورد برا عەرەبەکان و هەموو نەتەوەکانی تری عیراق بە براو هاودەردو هاوسۆز دەزانێ، ئێمە تەنیا دژی رژێمی سەددام بووین.